بەناوی خوای گەورەی میهرەبان

islampaik.org

پێگەیەکی رۆژانەی سیاسی سەربەخۆی رەخنەییە

ئیسلام پەیک


مەولونامەی  کاك احمدی مفتی زادە

**پرۆژەی بەرنامەی گوڵستان**

**ژمارە (٣)**

# مــــەولــــــودنــــــامــــە

**(کاك ئەحمەدی موفتی زادە )**


**ئامادەکردنی**

**عوسمان سەنگاوی**



**چاپی یەکەم**                **٢٠٠٥**

بەناوی خوای گەورەی میهرەبان

islampaik.org

ئیسلام پەیک

پێگەیەکی ڕۆژانەی سیاسی سەربەخۆی ڕەخنەییە

**مەولونامەی کاك احمدی مفتی زادە**


**ناوی کتێب : مەولودنامەی کاك ئەحمەدی موفتی زادە**

**ئامادەکردنی : عوسمان سەنگاوی**

**ساڵی چاپ : ٢٠٠٥ چاپی یەکەم**

**ژمارەی سپاردن : ٥٢٥ ی ساڵی ٢٠٠٥**

**چاپخانەی :**

**تیراژ : ١٠٠٠ دانە**


**دانەیەکی بەدیاری لەلایەن ئامادەکاری کتێب بەرێز عوسمان سەنگاوی گەیشت بەدەست بەرێوەبەرایەتی پێگەی ئیسلام پەیك ، بەوبۆنەیەوە بە ناوی بەریوەبەر و دەستەی نوسەرانەوە دەستخۆشی لە برای نوسەرمان دەکەین و هیوای بەردەوامی بۆ دەخوازین**

**بەرێوەیرایەتی پێگەی ئیسلام پەیك**

www.islampaik.org

islampaik@yahoo.com

## مەولونامەی  كاك احمدی مفتی زادە

**بسم الله الرحمن الرحيم**

**یەک بوو یەکێ نەو بێژگە خوا کەسێ — نەو باتە ژێر بار هەژارا دەسێ**
**ئازیزان بابەین باباڵی خەیاڵ — بگەڕێینەوە بۆ سالأنی ساڵ**
**لەو بەرزانە لەو ئاسمانە شینا — چاوێ بخشنین بە سەر زەوینا**
**هاوار ئازیزان مەرگتان نەوینم — داخۆ خەیاڵە یا خەو ئەوینم ؟!**
**دیمەنی ژیان چەن گرژو تاڵە — چەن خۆری ئاوات کزو بێحاڵە !**
**سەرانسەر دنیا ، بدەیتە پاوە — چاو، چاو ناوینێ ،ئەنگوستە چاوە!**
**بۆ هەر لا ئەچی،زۆردارەو بێزۆر — برینی جەرگی مەزڵومان ، ناسۆر!**
**ڕۆژی میللەتی داماوو هەژار — بێ تروسکە،وەک وەک گیارەش بەهار**
**قورس و ،لاسارتر لە شەو گارپا ییز — کر ۆ کپ ولێل تاڵ و درژ و ییز**

**( ١٠ )**

**لە ناو هەزاران کەلاوەی خاپور — یەک یەکێ کۆشک و قەلأی زەردوسور**
**یەک یەکێ سەرمەس لەنازو نیعمە — باقی برسی و ڕووت دڵ پڕ لە مەینەت**
**چرای پڕ نوری [ ئازادی ]،گە زوو — پەیغەمبەرەکان هەڵیان کردبوو**
**تەواو کەوتوە لە تروسکە و گڕ — بەدەس دەسدارو و دەسبڕ و دەسپڕ**
**فەساد لە هەر لای بەڕو بەحرەوە — وەک شەپۆلی شەو مەوج ئەداتەوە**

## مەولونامەی کاك احمدی مفتی زادە

لــەولاّتیّکــا بــە نــاوی [ حیـــجــاز ]     ژین لەخەڵک بیٚ واز،خەڵک لەژین بیٚ ناز
لەئەم ولأتەی پڕ لـــــــــە دامــاوی     شـــارێــک دیــارە [ مـەککە] یە ناوی
لە چەن ماڵ هەڵمی دێزی و قـــــازان     باقی تر، دوکەڵ هەناسە ســـــەردان
برێک سەرگەرمی بەزم و تاق یا جووت     خەڵکی تر لە خــەم ،زەردو رەش رووت
برێک داوێنیان چەن کەس ئەیکێشـــیٚ     قــەت لەڕومەتیان نــانیشیٚ مێشـــیٚ

میللەتیـش چڵکـــن لـــە ژیـــان یاسیٚ     بـی خـەیتە ئاگر بۆ ســۆی هەڵناســیٚ
ئـەو ماڵـە پاکـەیش وا ئەوەلـــچ بـــوو     لـــە تاریکایـی میـــژووی رابـــــردوو
دانریا بۆ خەڵک ، بەبیٚ بان و خـــــوار     نەک وەک ماڵـــی تـر تایبەتی زۆردار
زۆردار ئەویشیان لە خەڵک سـەنـدەوە     بـــۆڕاوی مـەردم کـــردیـانـە ڕەوە
پاشان وەیشومەی دەوران لیٚ دابــــوو     لـە دەورو بــەریا کـــەســـیٚ نـەمابوو
کەلاوەیـــەک مـــاو کۆنـــە دیـــواری     بوت وەک بایە قوش لەبان و خـــواری
ئیبراهیم پـاکـــی کـــردە و لـە پەستی     کـــردیەوە مـــاڵـــی یـــەکتا پەرستـی
تا خەڵک بۆ یەکتر سەر نەخەوێنـــــن     مـــل بـــۆ زۆرداران دانـــــەنەوێنـن
دیسان خوێنـــاڵ و دڵ هـــەڵشێـــوێنە     ماڵـــی خـــەڵک نیە خەڵک خەڵتێنـــە
بە خشـــــڵ و زینەت دارو دیـــــواری     بـــە بوتی جۆر جۆر لە ژوورو خـــواری

## مەولونامەی كاك احمدی مفتی زادە

﴿٣٠﴾

دەری دیو جامە ناوی بەرە ڕەت — بۆ راكێشان و گرتنی میللەت
بە زۆرە ملێ و بەلات و مەنات — ژیان لە مەردم كزو كش و مات
ئەو شوێنانەش واتە مەددون دارن — وەک ئێران و ڕۆم كۆک و تەیارن
هەرچی ئەبینی لە رەنجی خەڵكە — بەلام بۆ تەنیا چەن كەس بەكەڵكە
فاصڵەی ژینی نازدارو بێ ناز — گەلێ زۆرترە لە جێ وەک حیجاز

جێگەی غەزەڵی ﴿١﴾ چەن باسی كوللی

بنازم خوایە بەڕازی كارت — بەنەزمی سەیری پرلە ئەسرارت !
لە خەڵكی زەرد و سپی و سورو ڕەش — میللەتی حیجازلە زانین بێ بەش
لە هەرلا شوێنێ لە خوێندەواری — لە پێغەمبەران مابوو بە دیاری
چ ئەو بەناو پەیڕەوی دین بوون — چ ئەوە لە دین بێگانە كەفتوون
تەنانەت ئێران هێلانەی فەساد — كەلەبیر چووبوو باسی عەدل و داد

﴿٤٠﴾

هەزاران میرزا و خوەنەواری بوو — ئەڵبەت هەر لەناو دووچینی ژورروو
بەلام حیجازێ لە ئاساری دین — بۆیان نەمابوو تەنانەت نوسین

## مەولونامەی کاك احمدی مفتی زادە

یــەک یەکیٚ نەبیٚ [ لەرِیٚ دەرچو ] بون لـــەم لاو لــەولاوە چتــیٚ فیٚــر بو بون
میللەتیٚــک هەمـــوو [ أمی ] ونەخوٚننە لــە بیٚگانــە و ، بــوٚ زالْم بـــەننــە
ئیـــتر دیـــارە لـــە باقی ئـاســـار تــەمــەدون چــەنیٚ بیٚ بەشەو نەدار

﴿٤٥﴾

کــزی [ تولید] یچ ، هــەر لــەباس نایٚ چ لــە دەغلْـــو دان ، تــا هــەر کالاٚییٚ
ئــەوەیچــە کــەهــەس زوٚر بلاٚو و پژ فــرەی ها بەدەس جولەکــەی خویٚنمـژ
خیٚلْیٚک لــەو گــەلــە [ قریش ] ن کەهان لـــەشاری مەککــە ، مـــەنزلْگـای وچان
کاروانی هیندو ئەفــریقـا و دورتـــــر لــەویٚ ئەیان خست مانگیٚ یـا زورتـر
کــــەعبەش کەبوٚ خەلْک کــرابـوەیانـە چــاوکـــەی تەوحید بو بوبوە بوتخانـە

﴿٥٠﴾

خــەلْک لــەهەمــوولا رِویــان تیٚ ئەکرد نــەزر و نیـازیـان بــوٚ بــوتــان ئەبرد
بــەداوی بــوت و رِاوی تیجـــــارەت یا تــەشقــەلْەو گەرِ، یا شــەرِو غارەت
یەک یەکیٚ ، مالْیان هـــەبــوو بەلیٚـژاو باقی خەلْک،هەر وەک خەلْکی تــر داماو
خــوایـــە ولاٚتـــیٚ بـــەم ئــەحوالْەوە بــەژیانیٚکــی رِەشتـــر لـــە شـــەوە
ببیٚتــە چـــاوگــەی ئـازادیی و نوور زەوی رِوٚشـــن کـــا ، سنور بە سنــور؟

## مەولونامەی کاك احمدی مفتی زادە

﴿٥٥﴾

بەهــەر حــاڵ جاریٚ لــەم باسە لادەین — سەیری سەرهاتی سەیری مەککەکـەین

ڕۆژیٚ لـــەڕۆژان یـــەکـــیٚ لـــەوانـــە — وا ، نـەلـە خـــوار بـوون ،نەلەوسەرانــە

لـە سەر ڕیٚ وشـــوێنی جاهیلی قەدیم — کـە خـــوا تێکـــی دا بـەدەس ئیبراهیــم

نـــەزری کـــرد ئەگەر کورم بون بەدە — دەهـــەم ، قـــوربـــانی بوت وبوتکـــەدە

[ ئاخر لەو ژینی جاهیلییەتە — کچ ، مایەی عارەو کور بەرەکەتە ]

﴿٦٠﴾

عبدالمگلـــب ،هیـــوای هــــــاتە دی: — کوڕی بوون بەدە زۆریان کەس نـەدی

بەلاٚم دەهەمیان بیٚ وەی بـیٚ بـــیٚ وەی — هیچ نەکەی،سەیری قەدو بالاٚی کـەی!

لـــە ئازایەتـــی و، لــەراســی و پــاکی — لــە ئــەخـلاقی جوان، تێدا بوو پـاکی.

قــەڵــەم چــی بلـــیٚ لە باسی جوانی؟! — بەڕاس ،پیٚ ئەکەوت :[ یوسفی پانـــی]!

عبدالله ! دەکـ دایکـ بۆت نەکـــا ڕۆڕۆ — دەکـ چـــاوی چڵکـن ،بەدوور بیٚ لــەتۆ.

﴿٦٥﴾

عبـــد المگلـــب ! بمـــرم بـــۆ حاڵـــت — چ نـــەزرێکت کرد ؟! هـــاەار بەماڵت!

ئـــاخـــر دوشمنیـــچ، دڵـــی نـــای وەڵلاٚ — بـــزانکـــیٚ گـــوڵی گـــۆنـــای عبدالله.

دیـت: تـــۆ چ نـەزریٚ نا لەبارت کرد؟! — دیـت : چ بـەلاٚیکی بەسـەرتـــا هاورد؟!

## مەولونامەی کاك احمدی مفتی زادە

تـانـــەت لیَ نادەم پیری خوێنشیرین! — دلّـم بـۆ دلّەکەت ،کولَ ئەدا لــەشین.
کــام دلّـــرەقیَ هەس ،کە دلّی بێنیَ: — عبــدالله گیانـــــت، خەمبار بوێــنیَ ؟

﴿٧٠﴾

پیرە (جوانەلاوا) هــــەرکەس ئەی وێنیَ — ئێژیَ هــەک ڕۆلّە! خوا نـــەت سێنیَ!
باوکی،نەوێتە[ پەت پەتی دەوران ]دلّـی — تیَ :کــورِ وا، لــــەدەس بــا ئاسان؟!
بەلاّم پیرە بــاوک ، هەرچەن پەشێوە، — خــویێنـــی، لـــەدلّەو باری لـــەلێوە،
دلّپاکــەو ،خــــاوەن عەهدو پەیمانە. — ئیمانــی قـــورســە وەک ئەو کیوانـــە.
ئەگـــــەر فەنباز گەل ،بوتیان بۆ ڕاوبو — ئەم بەدلّیَ پاک ،بەرەو بوت ئــەچـــو.

﴿٧٥﴾

ئاخــر، ئەوچی بکــا ؟ گـــەلیَ دەورانە — بـــــاوی ولاّتـــە بـــوت و بـوتخـــانە
لـــە جیَ نـــاسینی خــاوەنی هـــەستی — بــەرەو خــوار ئەچن بە بوت پەرســتی
[ یەک یەکیَ، ڕۆشن یا(حنیف) هــەبــوو — لــەخـوا خــوار تـریان، لەلا،خوا نەبــو]
بــەهــەر حــالَ گــەیی وەختی پەیمانی: — بۆ [ عُـزی و لات ومنـات ] قــوربــانی.
شـــۆرە نەمامــی سای گەردن مەرمەر، — گـا وگـردون بکـەن بـــۆ بوتی بێفــەر

## مەولونامەی  کاك احمدی مفتی زادە

﴿٨٠﴾

جوانی عبدالله، بێ بەسـاقـەی لات! هـەی لاتەی شەڕ بەم لات ومـەنات!
بەڵام چـوزانـی، پـیری دڵ خـەمین! بـەرنامـەی خاوەن ئاسمان وزەویـن؟
بـەم گـەلـە گێـل و نـەخوەنەوارە بـەم شـارە کانگـای گـەڕو، زۆردارە
بـەم نەزرە سـەیرەو، بەم قوربانیە، خـوا کـاری زۆرەو، کـەس ئاگا نیە.

### جێگەی غەزەڵی ﴿٢﴾

### ماجەرای قوربانی و فەقیر کەوتنی عبالمتلب و ڕازی ئیسماعیل و عبداللەو وسەرەنجامی قوربانی !

لە ڕازت خوایا کەس سەر دەرنـاکـا داخۆم چەن ئەسرار هەبێ لـەم خاکـا؟

﴿٨٥﴾

کـێ بـۆ بـزانـێ : چیـە بە شەوێ عبـدالمتلـب فـەقیر ئـەکـەوێ ؟
لـە گـەورە مـاڵـی خێڵەکـەی هـاشم مالیـک مـاوە، ڕوت ، بەبێ سـم ودم
بـەر لـەم بێشـاتـە ماڵە گـەورە بوو هـەر چـەن لـە ڕیزی تەواو بان نـەبو
بەڵام ئێستاکە ، مـاڵـێ ڕەق و تـەق مـاوە و ، ژیـانـی تـەواو لەق و تـەق
بێ دەق و میزان بەبێ خـزمـەتکـار بـێ چـزە و بـزە، بۆ شام ونەهـار

## مەولونامەی کاك احمدی مفتی زادە

بێ قۆڕەی گاگەل ، قاڕەی مەڕو ماڵ        بێ حیلەی ئەسپی کوێت و تاڵ و تاڵ
ئەمما هێشتا گشت ، بەبێ پەرۆشن        بەم وەزعە تازە ،یەکجار دڵخۆشن.
چونکە: ئەر ماڵیان ،وا لەدەس داوە        شۆڕە جوانێ وەک عبدالله ماوە.
( باماڵی دنیا، بچێ بەتاڵان:        جوانێ وا خۆش بێ ، بۆ ناو هەوالان)
با،با،بێ بیبا ماڵ چیەو مەنزڵ؟        جوانێ واخۆش بیچ و بۆسوکنایی دڵ

پاش چەنای چەن ساڵ،دیسان عام الفیل        پێش هات،بەسەر هات حەزرەت اسماعیل
لەئەولادەی ئەو، باوکێ هەمیسان        کەوتە ڕێ ، ڕۆڵەی بکاتە قوربان.
ئەمجارەیچ شێویا ، بە ئەمری یەزدان:        هەروا لە خۆرا، قوربانی انسان
تا ئاخری، کەی یا لەچ شوێنێ        ئەم بنەماڵە ، شەرتێ بنوێنێ
بە قوربانیێک، جوانتر لە حەیات        سەر مەشقی خەبات بۆ خەڵکی دابات

ڕێگەی ( چۆن مردن) نیشان باتە خەڵک        نەک سەر بڕیانێ فیرۆو بێ کەڵک!
یا بە فەرمودەی ( صۆفی خوێن شیرین )        عارفی گەورەی سەر مەستی ئەوین
سەر مەشقێک وەها (جەعەیب بەری بۆ)        لایق بۆ ، وەصفش بە ( عقیم ) کریۆ!
وەختێ عبدالله بە سەلامەت دەرچوو        مەککە لە شادی و شوکرانە پڕ بوو
نەخوازەلا دڵ ئەو کچانە وا        دڵی بردبون ، عیشقی عبدالله

## مەولونامەی کاك احمدی مفتی زاده

ئەنجا هەر باوکیٚ بە خـــــــۆی ئەنازیٚ: بــە جــوانــی و ژیــری کچی ئەنــازیٚ ،
بە ( شێرێک لەم لا، ڕێوییــەک لـــەولا ) لــە زەمــاوەن ســـــەر باسی داهێنـــا
ســـــەرت نەیشێنم زۆریٚ باسیان کرد لایق عبدالله کەسیان شـــــک نــەبــرد
ئاخری هەرچــــــەی سەریان هێناو برد هەرچی راوێژو سیٚ ودووی دڵیان کــرد
هومای خۆشبەختی ، گەڕا لە هـــــەر لا تا لەسەر مـاڵی ( وهـــب ) ەوە دای دا:

ئامینـــە کچــی وەهبــی کــــردە چاو باوک و کچیٚ کــز. وەلێکان خۆشنـــاو.
هەردوو ماڵ هـــــەرچی بیریان کردەوە هاوماڵی یەک بوون،لە هــەر سەرەوە.
مــانگــی ســـــەربەرزی ئامینە هەڵهات باقی کیژان دڵ پڕخەم کـــــز و مات.
زەماون کـــریـــا ڕەبــی پیــرۆزبـــیٚ بە ختی تازەماڵ ، بە دڵ دڵســۆز بــیٚ.
ماڵ گشتی دڵــخۆش ، بەڵام داخەکەم یەکجار دەستەنگەو ڕووت و هاوسەرکــەم.

چەن مانگ گوزەرا: ڕاســی ئـەپــرسی خاو خیزان هەموو ڕوت و سک برســی!
تــازە مــاڵــەکــەی وەوی و زەمـــا سیســـرک تیـــا ، مــوناجات ئەکـا!
هەر چەن گەورە ماڵ ، خەجاڵەت بـــارە کــە بــۆ زاواو بــوک ، زۆر ناتەیــارە

## مەولونامەی کاك احمدی مفتی زادە

بەلاّم هێشتا ماڵ ، پلە زیقانە — لە شادی ، دڵی هەموو لێوانە
شوکر کە زاواو بوکی تازە ماڵ — زوو بە زوو ئەبن بە خاوەن منال!

﴿١٢٠﴾

زۆرتر ئامینە و عبدالله ، دڵخۆش، — بەم زوو، ڕۆڵەیان ئەگرنە باوەش.

غەزەلی ٣: دڵخۆشی ..........، وە مەرگی عبدالله:

گەورەو بچوکی خاو خێزانی ماڵ، — بەم مزگانیە دڵخۆش و خۆشحال
کە : خۆشەویستیان عبدالەی بەڕێز — زوو بەزوو ڕۆڵەی ئەگرێ لە ئامێز!
چ خەم گەرکەوتون وەسەر زەوی ڕووت؟ — بۆبەختیتازە ئەخەن تاق و جووت
ئەم ئێژێ: ڕۆژی تاڵەی بە تینە — ئەو ئێژیچ کوڕێ کاکۆڵ زەڕێنە.

## مەولونامەی کاك احمدی مفتی زادە

ئــەم تــر هــەســارەی بــەختی ڕوناکە ئـەو تــر بــۆ ڕۆڵـەی عبـدالله چـاکـە
چەن بە ڕزگار بون عبداله شـــاد بون ئەم بـاسـە زۆرتـر دڵی کـردن ڕوون.
تازە شەوق و زەوق کەوتبوە نـاو ماڵ ، مـەرگی نـاخـلاف ، ژینـی کـــردن تاڵ
پەیکی ئەنجەڵ هات عبداللەی ڕفـــان مـــاڵی کەیــف خۆشی لە خێزان ڕمــان
هەموو هەڵیـــان دا بانگـــی شین و ڕۆ ئـەم مــردنـەی نای بەدلچ گشتا سـۆ.

یـەکجار ڕۆڵـە ڕۆی بـاوکـی دڵسوتاو عبدالمتلـب، کـــۆس کەوتوی دامـــاو
کـــاتـــیَ کـــەرۆڵـــەی ئـەلاوانـــەوە دڵـــی کـــوچـکـــی ، ئـــەتاوانـــەوە
ئـــأی عبـــدالله گیان هیـــوای بەتینم تـــازە بـــەهـــاری پـــایـزی ژینـــم !
بـــۆ تــوٚم لـــەدەس دا دار و نــەدارم جـــاریَ گلـــەیێــک نـــەهــــاتــــەزارم
ئەم وت عبداللەم بۆخۆش بیَ بە تــون لە خۆشـــی وتاڵـــی و لەبون و نــەبـون.

چەن دڵـــی مانـــدوم پـــڕ ئەبو لـــە هێز تـــۆ سۆزی ڕۆڵەت ئەگـــری لـــە ئامێز
ڕۆڵـــە بەقـــوربــان خۆت و ڕۆڵەت بـم قـــوربانی هیوای دیدەو نەدیـەت بـم:
لە دوای باڵای تۆی وەک تەرزی چنـور، منی لاکەوتـــەی وەک کـوڵەی تـەنـور
ڕۆڵەی نارزارت چلـــۆن بەخێـــو کـــەم خەمـی هەتیوی ،چۆن لەدلْ کەم کـەم ؟

## مەولونامەی کاك احمدی مفتی زادە

ســـەرانسەری شار ، پـــڕ بوو لەڕۆ ڕۆ تەمـــی خـەم جـەم بـوو لەدڵان کـۆکـۆ

﴿١٤٠﴾

مەرگی عبداللە، هەموی خەمبار کـــرد شـــاری پڕ گریان ، پڕ لە هاوار کرد

.............. ............... ............. .................

چـــەن مـانگ لەمەرگی عبداللە لای دا: هـوما، لەسەر ماڵ ئازیەتبـــار دای دا!

شـــوکر ڕۆڵـــەکـەی عبـداللە کـوڕە کـــوڕێکـــی وریـا و سـاق و بـــەگـــوڕە!

جـــوانـــە مـــەرگەکە داخی سارێژ بوو پـەژارە و خـەفـەت لەدڵگەل دەرچـــوو.

شـادی کـــەوتـــە ماڵ : نـایـان شایانە هـــاتنـــە کـــوڕانـــە یانە وەیانـــە.

﴿١٤٥﴾

هـــەرچەن ماڵەکە، بۆ میوان پەس بوو بەڵام ڕوخۆشی خاوەن ماڵ بـەس بـــوو

ئەنجا باسی تـر ، هەمـوون بون بـەتاڵ بـــاس بـــوو بـــەباسی نـاو نانی منـــاڵ.

وەڕاوێژ کەوتن ، لـە دورشـــت و وورد: هـــەرکـــەس ناوێکـی پێشنهاد دەکـــرد.

هـەر چێکیان ئـــەوت ، ناوی تازەو زوو عبـــدالمتلـــــب بـــەدڵـــی نـــەبـوو.!

هیـــچ نەما ناوی شـــاری و عێـــلاتی ئـــەو هـــەر دوو دڵ بوو قیافەی مـاتـی!

## مەولونامەی کاك احمدی مفتی زادە

هــەموو سەرسام بوون بۆ بە هیچ لایێ — عبـدالمتلــب ســـوکنـایــی نــایێ !؟
چـــــــاویان بڕیبزوو گشت لەناو چاوی — بــۆ بــە هیــچ نــاوێ ،دڵنیـا نـاوی !؟
جــوابێکــی نــەبــوو بێـــژگە نازانم — ئەی ووت بــەڕاسی خۆیشم حەیـرانم !
گشت ئەهلی مەجلیس،کەوتن کش و مات — ئیتـــر نــوکـەیێ . لە کەسەو نـاهـات.
کتــو پــڕ سیمــای دوودڵــی گـــۆڕا و — لێــویــا بــەدڵیــا ، نــاوی نەبیســراو.

وادڵ قایم بوو ، کەس نەی دیبوو قەد، — وتــی وانـــــاوم ، نـــــایە ( محمد )
زۆریان پێ سەیر بوو ، تورەولەسەرخۆ، — هــەموو ڕوی دەمیان تێ کرد ئاخۆ بۆ ؟
بەڵێ بەمەعنــــــا. زۆر جــــوانە بەلاَم — نــەبـــــوە ناوی وا لە یەمەن تا شام !
جـــــوابی دانــــەوە: وام بەدلاَ هات، — ئــەم کـــوڕە نــاوی بە چاکە داخـات.

جێگەی غەزەلی ٤ : حوادس شب و سال میلاد مبارک

عومری (محمد)، گەییە دوســـێ ساڵ، — زوانــــــی پاکۆ کرد ،کەوتە گڕو گاڵ.

کەوتە قسەو باس زەینــی کـــــریاوە — بۆی دەرکەوت باوکی،زوو لـەدەس داوە
جار جار مات ئەبوو، بیر ئەی بــردەوە — لــە هــەتیـــوی خۆی بیرییـە کردەوە !

## مەولونامەی کاك احمدی مفتی زادە

لـــــەبەر خۆیەوە ئەی ووت : ئاخ بریا　　بـاوکــم نــەچــوایـــە وازوو لە دنیا
خــۆزگا ئەم زانی بزەی باوک چـــۆنە!　　تــوورِەی چلــۆن ! نــازی چلـــۆنـە !
جار جاریچ ئەی ووت : ئـاخ تو خوا دایە　　چــەن خۆش بوو جارێک باوکم بدیایە !

﴿١٦٥﴾

تــوخــوا دایــە گیان ! بۆ چی ئاوا زوو　　بـابــە گیانـەکەم، جوانە مەرگە بـــوو ؟
دایــە بــەر ئـەبوو گـــرِ لە هەناوی.　　لـێ ئــەشـاردەوە فرمێسکی چـــاوی.
ئــەی ووت رِۆڵــە گیان بەنەنی گیانم!　　منیــش هـــەروەک تۆ هیچێ نـازانـم.
رِازی هەتیویــت ، نــازانــم چـــی یە.　　حەتمـــەن ، کاری خوا بێ حیکمەت نیـــە
خەمــــی بێ باوکی هەرچەن گران بوو　　سەرباشقەی هەمووخەم و دەردان بـــوو.

﴿١٧٠﴾

بەڵام مەحببەت دایــەلـــەی ژیـــری　　دەری ئـــەکـــرد ئـــەو داخەلەبیری.

### جێگەی غەزەلی٥: مەرگی ئامینە

منـــاڵی هەمـــوو دەوڵـەمەن تـاشوان ،　　هــەر ، کەسێکیان بوو بۆیان بێنێ نـان.
خەریک کـأیــە بـوون لە کوچی وکۆلان.　　تێــر بــوون لـەکایــە ، ئەنجا بۆ وچـان
یـــا بـلاو ئــەبون بۆ ژەمـــەخواردن:　　یـــا بە شەو چەرە ، شەو رِابـــواردن.
یـــاکــــۆ ئــەبــونــە و بۆ موشاعەرە:　　کــــێ شیعری جوانی زۆرتر لەبــەرە؟

## مەولونامەی کاك احمدی مفتی زادە

**﴿١٧٥﴾**

چونکە میللەتیٚ نەخۆنەواربن  بەرەو لای شیعرو قسەی جوان ئەچن.
هەروەک بەیت و باو بالۆەو حەیران  شمشالٚ و بلوێر،بەهەوای جوان جوان.
لە فرە شوێنا لە کوردەواری  کەبیٚ بەش مابون  لە خوێنەواری
حەیفیٚ ، ئیسەوا کەوتوەوە باری  کەوەختە ببڕیٚ شوێن و ئاساری.
بە هەر حالٚ ، هەموو منالٚی ناو شار  لە ڕووت و هەژار تا دیوەخان دار،

**﴿١٨٠﴾**

کەسێکیان هەبوو نازیان بکێشیٚ  بێتە دەمیانەو ، بۆ دەردو ئێشیٚ.
(محمد) نەبیٚ : بیٚ کەس و بیٚ ناز!  لە دەرو  لەمالٚ ، تەنیاو بیٚ هاوڕاز!
خەڵکیٚ دنیا بیٚ، لە حەسێویانا ،  بزەیێک بەلاش نایتە لێویانا !
جوڵەو نوکەیان هەر بۆ دنیایە  چاوە چاویانە : چی بێتە کایە ؟!
بۆ منالٚ خوەیچیان، بە حەساو صۆزی  کە خزمەتیان کا ،ئەکەن دڵسۆزی !

**﴿١٨٥﴾**

دنیادۆس ، دڵی بۆ کەس نانالٚیٚ  مەگەر بە حەساو هێزیٚ، یا مالٚیٚ
قەت لە بەزەیی هیچ ناکاو نالٚیٚ.  گەر جارێکیچ با  نازی مالٚیٚ !
لەبنەو  چاوی لە کەس و کارە !  دلٚی لە لای مالٚ ، یا کارو بارە !

## مەولونامەی کاك احمدی مفتی زادە

دەی خۆ ( محمد) هەتیوەو بێ کـەس.: له جێ هەموو کەس . باپیرێکی هـــەس،
ئەویچ بڕیاگــە هێــز لــە دەس وپای: ئـــەبــێ ( محمد ) بگـاتــە فـــریـــای !

﴿١٩٠﴾

زۆرتـــریـــش تــەواو مـــاڵ و میزانی، لـــە ڕێ نـــەزرەکەی، بو بە قـوربانـــی:
بـــۆ پـاسا خوێنـــی ڕۆڵـــەی نـــــازاری دۆڕانـــدی هــەمـــوو دار و نـــــەداری.
نـاچـار ( محمد) هـــەر بـــە منـــاڵـــی ، هـــەر لـە تەمەنی پێنـــج و شەش ساڵی،
کـــەوتـــوە سەر شـــانی باری ئە سیری بـــۆ دا ژیـــاری خـــــۆی و بـــاپیـــری.
پێحـــاوس مـــانـــدوو ،بـــە شاخانەوە، لـــە تەک بەرغەلاو ، بـــە شوێن ڕانەوە

﴿١٩٥﴾

کاتێکیش لـــە کێـــو بـــۆ مـــاڵ بێتەوە خـــوا خـــوایـــە تـــــاوێ بحـــەسێتەوە.
لـــەبـــیری ئـــەچێتەو دڕک دەس و پای: مـــــانیە تیش هەیە لەباتـــی لای لای!
ئـــاوا ســـەختـــە بۆ ( محمد )* ژیـــان ئیتـــر ئـــــەو لە کوێ وکایەو هـــەڵتێقان!
ســـەرەڕای هـــەمـــوو ڕەنج و فە قیری، دڵخـــۆشـــە بـــەڕوی خـــۆشی باپیـــری.
وەختێ بـــاپیری ، لـــە باوەشی ئەکرد، هـــەموو خـەمێکی، لە دڵ دەر ئەکـــرد.

غەزەڵی ۶ : در گزشت عبدالمتلبک

﴿٢٠٠﴾

## مەولونامەی کاك احمدی مفتي زاده

( محمد ) بـێ بــەش لە هەموو نازێ: کــەسێکــی نیــە بــۆی بێــژێ ڕازێ
بــاپیرێــک پیرو فــــە قیر شک ئەبا زامــی هــەتیــوی دڵی ســاڕێژ کا.
دڵـــــی چکۆلەی بە ئەو قــــەوی بوو هــەموو تەمێــکی ، لــە دڵ ڕەوی بوو.
ڕۆژێکیان مانــدوو ، هاتەوە بۆمـــاڵ : دەس وپای وردی ، پــڕ لە درک و داڵ
یەکڕاس ، هەرای کرد بەرەو لای باوا ، دەس کاتە ملـی ، مــانیـــەتی لاوا !

۲۰۵

لــەباتــی بــزە و پێشــوازی بــاپیر: ( ئۆخــەی ) و ( ڕۆڵـە ) پیرنازی باپــیر ،
لەدوور دەنگی شین ، دڵی کرد بـێ تین چون باش ئەیزانی مەعنای دەنگی شین!
چــەن منـاڵ بـــەرەو پیری ڕایان کرد وتیان ( محمـد ) ! خـۆ باپیــرت مــرد!
دەردی ( محمد ) دیســـــان دیویاوە زامــی کۆنە و نۆ و هەمووی کولیــاوە.
ماڵ چۆڵ و هۆڵ کەوت ،تەم لێ ئەباری: نەباوک نەدایکێ نــەکـەسـو کــاری

۲۱۰

( محمد ) ماوەو: مـاڵی کـش و مــات لــە دڵیــا نــەما تروسکەی ئــاوات،
باری پەژارە لــە جــێ بـزەی لێـــو خــەم لــەســەر دڵی،بەبارسایی کێــو.
ئەمجــار حاڵــی بو، دەردی هەتیمی کــولیــاوە نــاســۆر زامــی قەدیــمی.
مناڵێک مــاوە بــەتاقــی تــەنیــا: کــەسێــک شـک نابا، لە تەواو دنیــا.
کــەوتــە بیــری ئــــەو ئاواتە کۆنە ئــاخ بیزانیایــە : بزەی باوک چۆنــە ؟

## مەولونامەی کاك احمدی مفتی زادە

﴿٢١٥﴾

ئـــاخـــر ئەو هێشــتا دنیــای نەدیبو | بـــاوکی بەدەردی ، جوانەمەرگــی چــو
کــەوتەوە بیــری منــاڵێـــک بو وورد | ئـــامینەی دایکی لە باوەشی ئەکـــرد:
ئەی خوا چەن خۆش بوو ساقە بۆنەکەی | یا جــار جارێکیش بە گژا چوونەکـــەی !
ئــــەگــــەر دركــــێ ، بچــــوایتا پایا: | یـــا بـــرۆكیـــایە دەســـــی لەكـــایا،
ڕەنگی ئەپەڕی : ڕای ئەکرد بـــــۆلای | صەد جار خۆی ئەکرد بە قوربان بـــالآی

﴿٢٢٠﴾

ئـــــەی گرتە باوەش بە صەد نازەوە | بـــــەدوانـــــدن و بـــــەدەم ڕازەوە،
ئــەگــــەر درک بـــــوو دەری ئەهاورد | ئــەگـــەر بریـــن بوو دەرمانی ئەکرد.
منالْ بــاوەش بـــــوو دایکی لیْ سنیا | ئەویش جوانەمـــەرگ دەرچوو لەدنیا.
ئـــــەوا بــاوایچــی ، ڕۆی: ئــەم ماوە | چــرای ئـــومێـــدی تـــــەواو کوژیاوە
دڵـــی بوچکــەلـــەی کوڵیــاو هاتە بان | ڕژا فـــــرمێسکی وەک ڕێـــژنەی باران.

## مەولونامەی کاك احمدی مفتی زادە

﴿ ٢٢٥ ﴾

چـاوی هەڵبـڕی بـە ئـەسرینەوە | بـەبـەرەنسکـەی گی رمەشینـەوە:
ئەی خوا!ئەی خاوەن زەوین و ئاسمانگ! | خاوەن شەو رۆژ خاوەن خوەرو مانـگ
ئەی خوا !ئەی خاوەن گیاندارو بێ گیان! | خـۆ بـەدەس تۆیـە مـردن وژیـان.
داخۆم بۆ ئەونەم خەم بـۆ ئـەنێـری ؟ | ئەم ئەم گشت مەینەتەم ، بەسەرا تێـری؟
ڕۆشنـی دنیـام بـەچـاو نەدیبوو | بابـەی عەزیزم ، جوانە مەرگە بـوو.

﴿٢٣٠﴾

لـە بـەر هـەتیوی و دەردی بێ نانی | هـەر کەوتمە سەرپێ کـەوتمـەسەپانی
ئـەو گشتە داخەی لێ ئەکردم کەم | نـازو نـەوازش دایـە گیانـەکەم.
چەن زوو ئەویچت لێ سەندم خوایـە | بـێ بـەشت کردم لە باوەش دایـە !
ئـەی خوا هەر تەنیا باواێکم بوو | سـارێـژی ئـەکرد زامی تـازەو زوو
ئـەوا ئەویچـم ئـاوا دا لە دەس | ئەی خوا!ئیتر من بێ کەسم بێ کـەس !

﴿٢٣٥﴾

خوایە ناشکوری ناکەم : بـەم بەخشە | ئـەزانم کارت بێ عەیبەو لـەخشە.
مـن چـەم لـەمـوڵکـی پەڕ نادیارت | کـە سەردەر بێرم لەڕاز کـارت !؟
دایکم ڕاسـی ئەوت بەڕحمەت خوابێ | حـەتمەن کاری تۆ بێ حیکمەت نابـێ.
لـە سـەرە مـەرگا عبدالمتلب ، | تکـا و لاڵـەی کرد لە ابـوتـالـب
ڕۆڵـەم وا ئـەجـەل هـاتە پێرایيم | وا لـەسـەر ڕێگەی کۆچی دواییـم.

## مەولونامەی کاك احمدی مفتی زادە

﴿٢٤٠﴾

پـــاش مـــن ( محمد ) تـــەنیا ئەمێنێ
بـێ کـــەس و بێدەر بێ خەمڕەوێنـــێ
نەدایک و نـەباوک، نـەخوشک نــە برا
تـــەنیا کەوتووە وەک بەرخی تـــەرا !
ســـــەرچـــاوکەی خێڵی بێ ئاوی ئاوات،
بـــە مەرگم یەکجار وشکایی داهـــات!
دەخیـــل ! بـــرازا سفتـــە جەرگەکەت
یـــادگـار بـــرا جـــوانە مەرگـەکـەت ،
تەواوی عومری هەشت و نـــــۆ ساڵەی
هەرکۆس کەوتن بووداخی پەی دەر پـەی.

﴿٢٤٥﴾

دەستـــەنگـــی منیـــچ سەرەڕای ئەوە
هـــەر نەیهێشت ڕۆژێ بحە سێتـــەوە
ڕۆژێکـــی نــــەدی بـــەوچـــانـــەوە
دایـــمە تـــەقڵـــەو دەو بە کێوانـــەوە
ئاخ ڕۆڵـــە هـــەرچـــەن دڵی سوتاوی
بـــەم مناڵیـــــــتە گۆنای ژاکـــاوی ،
تێتەوە بـیـرم دڵـــم وەکـــــول دێ :
وەختـــە یەکجاری ،گڕم تێ بەربـــێ !
عبدالمتلب ، بـــــــەگـریـــانـەوە
دەردە دڵـــی خـــۆی ئـــەگەڕانـــەوە.

﴿٢٥٠﴾

لـــەپـــڕ، کـــوڵی دڵ وازۆری هـــاورد
ئختیـــار قســـەی لەدەسی دەرکـــرد
وەک مردوو مردوی تازە کۆس کـەوتو
تون بانگی هەڵداو دەنگی بەرزۆ کـــرد
ئـاخ ( محمد) گیـــان ڕۆڵـــەی هەژارم!
عـــەزیـــزی بێ ناز کەوتوی نـــازارم !
ڕۆڵە ! بمـــرم بـــۆ دڵـــی خەمبـــارت:
بـۆ ژینی تاڵی وەک کەکرەی مـــارت.
ڕۆڵەی تاقانەی ڕۆڵە جـــــوانـەکـەم !
ئاواتی دڵی عـــەبـــــە گیانەکـــەم !

## مەولونامەی کاك احمدی مفتی زادە

رۆڵەی دایک وباوک بە جوانی مـردوو ! — هــەر بە مناڵی ، بەمەینەت پـیربوو !
ئاخ رۆڵە ! یاخوا کوێراییـــم دابــــێ ، — وانــــەم تـــوانی بۆت ببم بەبـابـــێ
پیری نەیهێشتم هەوڵێکت بـــــۆبــەم . — نەم توانی نانی وشکیت بۆ جۆر کــەم .
رۆڵەگیان ! وەخــتێ کــە نـــاوتم ئەنیا — پێم وابـــوو تۆ تــاق ئەبی لەم دنیــا .
تاق لەگەورەیـی و ئیحـــــترام داری : — نەک لە فەقیری و ،بێکەس و کــاری !

وام بەدلا هات زۆر نــاودار ئـــــەبی : — نـــــاهات بەدڵما وا هەژار ئـەبـــی !
ئاخ (محمد) گیان بەگیانت قـــــەسەم. — باپیرت گـــرِی بەردا لە جەســـــەم .
بۆژینی تاڵت تــاقـــــە گــوڵــەکـەم — منیش گرِی سەند کورەی دڵەکـــــەم .
(محمد)! قوربان داخــی دلــێت بـــم ، — دڵی بچکۆلــەی پــرِ لە کوڵـت بـــم .
قوربان مناڵی پرِ رەنـــج و تــاڵـــت! — قوربان دەس وپای پرِ درِک وداڵـــت !

پەردەی چەم ، پێنـە سێپـاڵـی شـرِت — سەرم بە سەرگەرد دڵـی پـــرِ گــرت .
دڵم بەردەباز پــــــــابێ بـالاکـەت — گیانم بەفیـــدای قەدو بالاکـــــەت
.
ئاخ (محمد) گیان توخـــوا مـەگـره لێم — خەجاڵەت بار خۆم بۆقسەی بێ جێـــم !

## مەولونامەی کاك احمدی مفتی زادە

هــەرچــەن زۆر زانـا . پێم بڵێن نەزان
مـن بــە بانگەواز ئێژم ئاغە گیـــان !
من کەی قابلم بە فیدای خـۆت بــــم ؟
بە قوربان باوای دڵ پڕ لە سۆت بـــم .

﴿٢٧٠﴾

بـــــە قـــوربان باوک و دایکی ناکامت
بــە قـــوربـــان ئێـــو تالبی مــامت .
قوربـــان ئەوە بــم دڵــی بۆت تێری:
بـــەدڵ خــــــزمەتت بە جێگە بێـــری .
دڵـــی بــۆدڵــت بــەدڵ ژانـــی بێ.
هـــەزار جــار دڵــم بە قوربانی بـــێ.
کێ گرێ حوبت بەربێتە گیــانـــــی ،
ڕۆح و گیـانــەکــەم بەلا گــەردانی .
باپیــری کڵــۆڵ بــەدەم مـــەرگەوە
بــەکــوڵـــی دڵ و کڵپەی جەرگـــەوە ،

﴿٢٧٥﴾

گـــرێ هـــەنــاوی وا ئــەهـاتـە بان،
دڵـــی بێ بـەزەی یەزیدی ئەسوتـــان !
وەهــا عبـــدالله ی ئـــەلاوانــــەوە ،
دڵ دارو بـــــەردی ، ئـــەتـاوانـەوە:
ڕۆڵـــــەم عبدالله ! جوانەمەرگەکـەم !
بـەنـەنـــی دڵـم! گیری جەرگـەکـــەم !
گوڵـــی تاقانـــەی سەرانسەرحیجاز!
بەرامبەر جوانیـــــت، گوڵی ناز بێنـــاز !
وەک بـــــارە شارم بێتەوە ، هەمـــوو
دارو نـــەدارم بـــۆ تۆ لە دەس چـــوو !

## مەولونامەی کاك احمدی مفتی زادە

**٢٨٠**

وادڵم هــەڵ کــەن لــەمــەڕو مــاڵم ، چشــم کـــرد لــە نان خێزانی مـاڵــم .
کەوتمە بان زەوی ڕوت و نەم وت وەی! لە خۆشی بالآت هەر ئەم وت ئـۆخـەی !
تۆیچ، واهەسارەی جوانیت هەڵ کــەنیا تـاقـانـەکـەت مـــا بێنــازو تـەنیـــا !
بـــاوان پـــاش بـــەینێ نــــالآن ڕۆ ڕۆ، نـــەختالێ ، حالی هاتەوە سەر خــــۆ .
جاوەختێ دڵی کەوت لە کەف و کــول ، چکـــێ دامــرکـــا گڵپە و گــڕی دڵ ،

**٢٨٥**

ئەنجا ڕووی کردە کـــورە خاسـەکـەی : دیســـان چووەوە بۆ سەر باسەکـــەی :
دەسمەداوێنــت ، ڕۆڵـــە گیانـــەکەم بـــەدڵ ئاگــات بــێ لە تاقانـــەکـەم .
ئیتر ئەم ماڵە بێ خــــاوەنــە و چـــۆڵ چـــۆن تیــا هـــەڵ کا منالێ کڵـۆڵ ؟!
ئەزانم : خــــۆ تۆیـــچ تـــەواو نەداری. ســـەرەڕای ئەوەش ، زۆرخێزانـــداری .
هیوامــــە: نەیڵـــی بێکــــەس بمێنـــێ. ئیترئەویچ خوەی ونان خوەی دەردێنـێ.

**٢٩٠**

بـــــەڕاس پیرە مام باوکێ دڵسۆز بوو: هەرچەن بەسەرووەت،جێ ماوی هۆز بوو.
جــــێ باوک و بـــاوای بۆ پڕکردەوە. داخـــی هەتیـــوی ، لەبیر بـــردەوە .
بەڵام ( محمد ) هــەر بـێ وچــانـــە یـــا لـــە ڕنجبـــەری: یــا لە کێوانــە .
نەک نان بۆ بـــۆ بژێ و مـەمرێ تەنیا ، هـــەر حــەسانەوەی نیە لەم دنیــا .

جێگەی غەزەڵی ٧:

(یەکێ) بوو: یـــەکێ نــــەبو لە خواوەن گـــەورەتـــر، کەسێ نەبوو کـــەپــــاوەن

﴿٢٩٥﴾

بکاتــە و لــە پـــای بـــەختی هەژاران : دەرمـان کـا ، دەردێ لــە دەردە داران
مەککە چەن ساڵە و هەر باسی سەیرە ، ئــەبیـــــەی ئیشەڵا ئاخــرەت خەیرە!
داخــــۆم خــــاوەنی بـــــەرزی و نشێوی لــە کارخانەی غەیب چی بۆ نوسیـوی !
لــەو ســاوە کــە خـوا بن دنیای ناوە ، چـــاوت بـــۆ لافــــاو ، لە چاوە چـاوە .
لــە شیـــو و دۆڵــــــت هەر نەبوو ناوێ دەنــگ بــــداتـــــەوە هاژەی لافـــاوێ

﴿٣٠٠﴾

هـــــەرگیز هەڵنەکەوت کۆسارت بێژی ئــــــــۆخەی هــــات دەنگی تافی لەلێژی
ئیمســــــاڵ لافــــاوێ کـــەوتە ڕێ بێشو کۆ زەنــــەقیـــــان تۆقـــــی دۆڵ و ساراو
لافـــــــاو چ لافـــــاو مـــــەڵێ لافاوە ! بــــــەحرەو لەسەر شـــار لێژەو دراوە!
بەڕاس ئـــازیزان لافـــاوی ئیمســــــاڵ مـــــەککە نەی دیبوو حەتتـــا بەخەیاڵ!
بەڵێ جــــار جــــارێ تــــاوە بـــــارانێ لـــــە چـــــۆڵگەی حیجاز یا لە شــــــارانێ

## مەولونامەی کاك احمدی مفتی زادە

ئەبـــاریٚ بـــەلأم وەک ئـــــەم لاسامە　　مەککە نـــەی دیبوو بەم زۆر و سامە!
لافــــاو ئـــەوانــە جــۆگــەلـە ئـاون!　　لای ئـــەم لافـــــاوە بـــــەچکە لافاون!
چـــەن مالّـــی هەلّ کـەن : تاشی داماڵی　　چەن قەلّای قورس و سەخــــتی ڕاماڵی
چـــەن کـــۆشکی پایــــەی لەناو تاشانا،　　کــــەلافـــاو داچــــــو بە ڕیشـــــەیانا
کـــەعبـــــەیچ وا لافـــاو هات و دای پیا　　کـــــەلا دەیـــــە کیـــچ نەما لە جیـــا!

لـــــە میـــچ و پـــاســـار لەدارو دیوار،　　( حجرالاســـود ) بە ســـاق ماو قوتار.
قـــورەیـش بەجـاریٚ دڵیـان دا تەمیا،　　کـــەماڵـــــــی دیـــن و دنیایان ڕمیا!
کـــــەس نیــــە بەرەنگ زەردەخەنەوە　　کـــەعبـــــە ڕوخــــاوە چۆن بیکەنەوە؟
ئـــاخـــر ولأتیــــــان زۆر بەجیٚ مابوو،　　هـــــەموو کالأیــکی لە دوور بۆ ئەچوو
نـــــەخــــوازەلأ چی ، چکیٚ لەبـــار بیٚ:　　بـــۆکــــــاری گەورەو گران بە باربیٚ .

صەددەق لەکارت ! خاوەن خـــوارو ژور!　　چ دەنگ و بـاسە لەلای بەحری سور !؟
لـــەو دوور دوورانــــە پاتەختی یەمەن،　　خـــەریکـــــە کۆشکیٚ بیٚ وێنەسازکەن

## مەولونامەی کاک احمدی مفتی زادە

کەشتی ییکیان نـــــارد ، بەزلی گێوی ‌ هـــەزاران فـــرسەق رێگــــــە بپێوی:
باری هەڵگری کەرەســـەی خـــانــــوو ‌ لــە میســـرەوە بـــۆ قولزومی خواروو
تائێسە کــەسی چـــت وای نـــەدیوە: ‌ لـــــە پالاو و کـــەشتی لە قورِ چەقیوە!

﴿٣٢٠﴾

ئـــەویـچ لـــەشوێنـــی نزیک بەم ناوە، ‌ کـــە تـــازە مـــاڵی کەعبەی
رِوخاوە!
ئەمجار گەمییک ، وا بەختـــانی بـــــی ‌ کــــە بـــاری کـــالای ساختمانـــی بی!
قـــورەیـــــش لەم رِازە کەئاگاداربون ‌ بـــە هـــەڵـــەداوان بەرەو دەریا چـــون.
ئاغا گەل قورەیش مامەڵەیان کـــــرد: ‌ پـــوڵیـــان داو کالای گەمیەکەیان برد.
پلـــــە زیقـــانـــە لـــە مەککـە ، ئەوە ‌ بـــاری مـــەســالح ، گـــەیە بەرەوە!

﴿٣٢٥﴾

وەستا کار جەم بوون دەسیان کردە کار ‌ بنـــەرەتیـــان نـــا گەینە دیـــوار.
دیـــواریـــان چنـــی نزیکـــەی نیمقەد ‌ ئـــەبـــی دابنێـــن ( حجرالاسود)
لـــــەســـــەر دانانی بووبە قرم و قاڵ ‌ چەن تیرەی قورەیش، کەوتنە گاڵە گاڵ
هەر کەس هەوڵی بو ، بەجی یا بی جـی ‌ ئـــەو شـــانـــازیـــە بۆ تیرەی خۆی بی
کەســـی نـــەمـــــا بۆ راوێژو پرسی ‌ ئیســـەو تاوی تر ها ، شەرِ هەڵگیرسی!

# مەولونامەی كاك احمدی مفتی زادە

﴿٣٣٠﴾

هـــەمـــوو ســـەرسامن لەم كارەساتە: لـــە نــەتیجـــەی ئەم بەزم و بساتە.
هـا ! وەختـــە هەڵســـیٚ لافاوی خوێنیٚ كـــــــــەعبەش ناتەواو هەروا بمێنیٚ!
ئەو كەعبە وا هــــەر لـــەبیریان ماوە ، بیـــس و چەن ساڵیٚ بەر لەم ڕوداوە،
چۆن خوا لەبەر ئەو ( اصحاب الفيـل ) ی، یـــا قـــەلەمـــار كرد یا خستە دیلی:
بەلاٚم نەیهێشتن هـــــەڵیٚ كەنن بەردیٚ، لــــەدیوارێكـــــــی بڕوكیٚ گەردیٚ.

﴿٣٣٥﴾

ئـــەبـــرەهـــەی یەمەن بەخیلی ئەهات كـــەگـــەلـــی عەرەب لەحەموولات،
یاڵلاٚ ڕو ئەنێیـــن بـــەرەو لای حیجـــاز ، بــــــۆ زیارەت كەعبەو ، بۆرازو نیاز!
یـــەمـــەنیش زۆریـــان دڵیان لەولایە، دەزگـــای ئـــــە برەهە لەلایان بایە!
ئەو كەعبە وا ،وا پـــــاراستی خواوەن، لــــە شەڕ پادشای زۆر داری یەمەن،
ئیسە نەسازی خزمەتكـــارانــــــــی لـــە بیـــر بـــاتـــەوە ناوی جارانی؟!

﴿٣٤٠﴾

ئازیزان هەر چەن كەعبە خۆ وەک زووو مـــاڵـــە پاكەكەی تەوحید نەمابوو
بەلاٚم هێشتـــا خەڵكخۆیـــان لەسەر باو دینـــی ئیبـــراهیـــم ئـــەزانی بەناو.

## مەولونامەی كاك احمدی مفتی زادە

خەڵکیش تاوانیان نیە چـــون هەر زوو | خوێنمژگەل یاسای دینیان تێک دابـــوو
ئیسەیچ گەر ئەشراف کاریان کەڵە کـە، | میللـــەت کـــەعبـــەیان بەدڵ گەرەکە.
هەر بـــــاوەڕێ خـــەڵک بەدڵ بیان بێ | حـــورمـــەتـــی هەیە ، تا حاڵییان بێ.

﴿٣٤٥﴾

کەعبەیچ، هەم مەرکەز دینی قەدیمــــە | هــەم یـــادگـــــاری ئەو ئیبراهیمە.
ئەوەڵین ماڵــــی مــــەردم بۆ قـــەدیم | هــەم بــۆ وچان بــۆ تەزکیەو تەعلیم.
ئەوەڵین ماڵ بوو خەڵک بکـــــا تەیار، | ســــەرنە خەوێنن بۆ دەستەی زۆردار.
بۆیە لەلای خوایش هێشتا بەرێـــــزە، | هـــەرچـــەن ئێســە بوت تیا بەرێزە.
هەرچەن کەعبەمەی جاران نەمـــــاوە | بۆخەڵکی هــەژار حــەشـــــارو داوە:

﴿٣٥٠﴾

بەڵام خۆ دنیـــا هـــەر وا نـــامێنـــــێ: | قـــانـــون ئەم و ئەو خەڵگ بچەوسێنێ.
خۆ خوا بەشەری چەوساوە و دامــــــاو | ســـەرگـــەردان و وێڵ ،وێڵ ناکا تەواو.
ئاخری دیســـــان رۆژێک تێتــــــــەوە | لـــە خـــەڵکـــی دامــــاو رۆژ
بیێتەوە.
کەعبەش رزگار بێ لەدەس بوتـــداران | خـــاوێــــن وســـادە وەک جاری جاران

## مەولونامەی  کاك احمدی مفتی زادە

بەڵێ رۆڵەکان خـــوەیشکـــــــان برایان        بچینـــــەوە لای کـــــەعبـــــەو کەعبەوان:

﴿٣٥٥﴾

کێشە توندە بـــۆدانـــانـــی حـــەجـــــەر        هـــــەر کـــــــەسێ هەوڵیە بکەوێتە بەر.
ئەم ئەی ووت جـــا خـــــۆ من میواندارم        ئـــــەو ئەی وت خزمەت کەعبەیە کارم.
یەک ئـــــــــەی وت : کاری من ئاوباریە        یــــەکــی تـــــر ئـــەرکـم ، پەردەداریە.
هەر کەس بە مەنتیق یـــا بــــەکەلاشی        هــــەر دەلیلێـــــــکی بۆ خۆی ئە تاشی.
لە پڕ یەکێکیان دەمی پێ بە ســــــــــتن        وتـــــی ئـــاغـــا گـــــەل تاوێ راوەستن.

﴿٣٦٠﴾

تەدبیرێکی سەیر ، لـــــــە دڵمـــی داوە ،        هـــــــەر چەن تا ئێسە نەبوە و نەکراوە:
هەمو دانیشین بــــــێ زڵـــــــەو هــەرا:        کـــــەسیچمـــان نەچێ بۆ ئەم لاو ئەولا.
ئەوەڵـــین کـــــەســـێ لـــەورێگاوە هات        بـــی کەینە حەکەم موشکڵمان حەل کات.
سەیر قەبوڵیان کرد هەموو زوبـــــەزوو        هــــەر چـــەن باسی وا، قەت نەکرابوو.
ئاخـــــر رەوشـــــی بـــوتپـــــەرس هەموو        فـــاڵـــــی بـــــە ئـــەزلام ، یـا چتی وابوو.

غەزەڵی ٨: رسیدن  جوانی از همان راه

## مەولونامەی کاك احمدی مفتی زادە

**(٣٦٥)**

ئەوا لە دورەو پەیا بو جوانیٚ — مەڵیٚ جوان بڵیٚ مانگی تابانیٚ!
هەی جوان گش کەسم بەلاٚ گەردانت. — فیدای گەردو تۆز سەر سەرو شانت.
بە قوربانت بم بە هاواڵمەوە: — بە باوک و دایک سەر و ماڵمەوە:
بەدڵ ودیدەو ڕۆح و گیانمەوە: — بە تاقە ڕۆڵەوی ژیرو جوانمەوە.
تاقانەکەی نەک تەنیا دایک و باب: — بۆ تەئریخی ژین ، بیٚ وێنەو نایاب!

**(٣٧٠)**

لەدەورت گەڕێم جوانی خوێنشیرین ! — سەر دێری پاکی ئەدەب و تەمکین!
هەی جوان نمونەی ( ماقوڵی و جوانی)! — ئستتورەی سەیری ( هەیبەت و شوانی) !
دەرسی ( تەمیسی بەشرە باری) ! — سەرمەشقی ( بەرچاو تێر و نەداری)!
هەی جادوی ( ژیری و نەخۆنەواری ) ! — سیحری ( دەسەلاٚت بە کرێکاری ) !
هەی جوان تەلسمی(ڕوخۆشی و برشت)! — بزەت شێر شکێن،هەروەک هێزی مشت!

**(٣٧٥)**

ڕەمزی ( ناوداری لەتەک نەداری )! — ڕازی ( سەنگینی بە هەرزەکاری)!
بۆناحەق دڵڕەق و لەشەو تاریکتر! — لەگەڵ حەق ، گەردن لە موباریکتر!
( حلف الفقول ) ت ، رازی بەزەو قین — بۆ مەزڵوم نازان ، بۆ زاڵم تەزین.

**مەولونامەی کاك احمدی مفتی زادە**

جامی جەمالت، دڵــی گــوڵ تــەزین. ســامــی کەماڵت ، بەحرو کێو بەزین.
کــام مــەغــروری مــاڵ توش و ناتەبا، پــێ وابــێ : زەوی ســـامی لێ ئەبا،

﴿٣٨٠﴾

کــەتــۆم ئــەبینی لــە بــەرامبــەریا، ئێــژی خــوەڵ وبــۆڵ ئەکەن بەسەریا!
کــام ئافــرەت جوانە و بەخۆی ئەنازێ بیــەوێ لـــــەلات دەربـــــڕێ ڕازێ
سامی سەنگینیت ئەی گرێ بەتـــەرزێ وەک ( وەنەن هــەجیج ) دڵـی ئەلەرزێ!
بــــەبــێ تــەلار و بــەبـێ دیوەخان: بــێ بگـرە و بەردەو بەردەو درگەوان،
بێ نازو نیعمەت ، بەبێ سفرەو خــوان شــەرمــت لــێ ئەکەن ئاغا زلەکان!

﴿٣٨٥﴾

ژیــانــت زۆرتــر لــە چــۆڵ وکێوان تــاراو لەناو خەڵک لەتەک بەرخ و ڕان
مــەجلـیس نشینــان ماتن لە ژیریت ! لــە بــردی قسـەی لەگەڵ فەقیریت!
ئــەم خــەڵکــە هەر چەن بەچاو ئەوینن بــە ســەروەت خـــەڵکی هەڵەسەنگێنن
کــەچــی ( محمد ) زۆر مــوحتــەرەمــە: هــەرچــەن لــە ماڵا زۆر هاوسەر کەمە!
هەرچەن کەم عومرەو، بێ ماڵ و نۆکـەر دەوڵەمــەن وڕوت پێ ی ئەسپێرن سەر!

## مەولونامەی کاك احمدی مفتی زادە

﴿٣٩٠﴾

لای دۆس و دوژمن مــەشهور بە ئەمین    ئـاسمان لە وەقری شەرم ئەکاو زەوین!
ئەوەی ئــاگــای بــو لــە دەورانی زوو    لــە جوانــە مەرگی عبدالله کەیل بوو
ئــەی ووت شــوکر لەم گەنجە مەزنە!    ئــۆخــەی عبــدالله ئــۆجاخ ڕۆشنە!
بەڵام ئــەو داخــە هــەر ســاڕێژ نابێ    لــە دڵ دەسگــەلا بــۆ دایـک و بابێ،
بــە جــوانــەمــەرگی سەریان نیاوە:    نــەیــان دی باڵای ئەم شۆڕەلاوەی !

﴿٣٩٥﴾

لەو سەریچەوە خــاستــری نــەمـان،    بــوێنــن ژینــی تــاڵســی ڕۆڵەیان
مشتێ مناڵ بوو بــەر غــەلــەوانــی    ئــەکــرد و ڕەنجــی ئــەدا بــۆنانی!
مناڵ بوو ئەرکی خۆی کەوتە ســەرشان    لــەتــەک کۆمــەکیچ بە ماڵ و خێزان!
چ بە مناڵی و ئێســە کــە گــەنجــە ،    ژیـانی هەموی هەر سەختی و ڕەنجە!
ئەی جــوان ئــەحــواڵت هەموو ئیعجازە    تــەئــریــخی ژینت سەرانسەر ڕازە،

﴿٤٠٠﴾

داخۆم چارەنوس چی نوسیــوە بــۆت،    کەلــێ نــاغزانـن نەخەڵک و نەخۆت!
ئازیزان سەیرکەن کاری کاری کــردگار:    جــوانــێ کــرێکــار شــوانێ شرە بار!
پێ خاوس مــانــدوو لــە کــرێکــاری    هــەژاری لــە ســەرتــاپـای ئەباری،
ببێتە حــەکــەم بــانتــریــن پێشات،    خــەل کا بۆ تاقمێ ، سەرگەورەی ولأت!

**مەولونامەی کاك احمدی مفتی زادە**

ئەویش کەسێ خۆی جێگەی گومان بـێ — رۆڵـەی تیـــرەیـێ لـە تیــرەکان بێ!

لەولایچەو هەمــوو گلـــەیـان لـێ بوو: — چــون لــەرێـی دینی بوتان لارێ بوو!
بەلاّم سەرەڕای ئـــەمـــانـە هــەمـــوو — هـەرچاویان پێ کەوت دڵیان سوکنا بوو!
بــەخــاتـری جەمی هەموو وتیان خاس — لاوێک هەم ژیرە و هەم ئەمین وڕاس.
بانگیان کــرد کــاکــە ! ئۆغرت خەیرە — بـەزەحمــەت نـەبێ بێ بەرەو ئەێرە.
کــارێکـــی گـــەورە و گـران رِوی داوە: — هـــەمـــوو دەرکێکمـان لەرِو بەسراوە.

تۆ نەبی دەردمان دەمـان کـــەی ئیتر، — بـۆمـــان نــەمـــاوە تەدبیرێکی تر.
فەخری حەجەر نان لە سەر جێگەی خۆی، — هەرکەس ئەی کێشێ هەربەرەولای خۆی
هەرچی تۆ بێژی ،گشت قـەبـولمانـە. — لــە ئێمــە دەرد و لــە تــۆ دەرمـانە
(محمد) نەختێ سێ و دووی دڵ خوەی کرد — تـــا ئـــاگـــری قیـن لە دڵگەل دامرد.
ئــەنـجا پــێ وتــن لــە دوای تاوێ — هــەڵبـــژاردە کـەن هــۆزێ پیاوێ.

**مەولونامەی کاك احمدی مفتی زاده**

پـــارچـــەیـــێ گەورەی ڕاخست حەجەری، بـەدەس خۆی هەڵگرت دای نا لەسەری
جـــا لــە هــەر لاوە هـــەڵبـــــژاردەکان دەسیــــان دا پــــــارچەو : هێنایانە بان،
تا گــــەییـــە حـــاستی ئەو چینەی دیوار، کـــە ئـــــەبـــــو حـــەجـــەر بنرێتەکار.
ئـەوسا حەجـــەری بـەدوودەسی خوەی ، هـــەڵگــــــرت و دای نا لەسەر جێگەکەی.

جێگەی غەزەلی ٩:

لاوێ ، هەمـــوو ژیـــن لە مەینەت لێوان یـــــا کـــــرێکــــــارە یـــا شـــوان لە کیوان

﴿٤٢٠﴾

لـــە هـــەر چی بەشە مەحروم وبێ بەش ( کایە ) و ( مەجلیس)ی ڕەتان بو لە کەس.
ئــەخـــلاق و قســــــەو ڕەوشتی جوانی، وا زوو مەشهوربووگش کەس پێ زانی.
مـــەعنــــای ئەو ( ناو )ەکەس نەیبستبوو بـــۆ ئـــەم جحێـــڵە ئـــەونـــە بە جێ بوو،
برِێ کـــەس بـــانگیــــان ئەکرد ( محمد) ئەم ئەی وت(محمود):ئەو ئەی وت (احمد).

## مەولونامەی کاك احمدی مفتی زادە

هەرکەس ئەی ناسی مات وسەرسام بوو		دڵــی حــەســـودی پڕ ئێش و زام بوو

﴿٤٢٥﴾

کــردەوەو ، قســەی وارێک و ڕاس بوو		نــاوی لــە نــاوان بە ( امین ) دەرچوو
بــاســـی وا دەنگـــی داوە لــەشــاران		ئــاواتیـــان بەئەو ئەخواست زۆرداران.
لە گەڵ ئەو هەموو حــوسنــە بێ وێنە ،		وەرە و ژیـــانـــی تاڵــی بــوێنە !
لـــەشـــاری مـــەککە ژنێک دەوڵەمەن،		تیجـــارەتـــی ئـەکرد لەشام تا یەمەن
ژنێک ڕاس وپاک ، دوور لـــە فرو فێڵ		ئــەویــش لـــە ژنان تاقانەی ناو خێڵ.

﴿٤٣٠﴾

(خدیجە) قەڵس بوو لە کار تەشقــەلــە		پێ خۆش بوو ڕاس بێ سەوداو مامەڵە.
لــە حــەقی خەڵکـــی قەت نەبوو تەمای		ئـــەو مــاڵەزۆرەیش، کە کەوتبوەلای،
بۆ کـــوت فرەی خوەی هەوڵی نەدابوو:		ئیرسی چەن کەس بوو بۆی بەجێ مابوو
لە پاکـــی ( احمــد) ، کــە نــاویان ئەبرد		لـە دڵــی پاکـــی زۆر کـــاری ئـەکرد.
فکـــری کـــرد : بـەخـوا ئێژم لەمەولا		بسپێــرمــە ئــەو ، مـامەڵە و سەودا.

## مەولونامەی کاك احمدی مفتی زادە

نـاردی بـۆ ئـەبـو تـالـب پەیغامیٚ: ئـەوا کـاروانـم دەچـێ
بۆشامیٚ.
ئـەگـەر ڕێـک کـەویٚ ( احمد) بنێری، پێـم خـۆشـە کاروان بەئەو بسپێری.
ئـەبـو تـالب و ( محمد) هـەردوو بـەم سفـارشـە زۆر دڵیان خۆش بوو.
کاروان کەوتەڕیٚ کـاروانـی دا جـوین بـە سـەرکـردەیـی ( احمدی امـین )
قـافڵـەچی جـاران بـەر لـەم سەفەرە خـزمـەتکـاریٚ بوو بەناو (مەیسەرە).

ئەمجـار ( خدیجە ) نـاردی بـەو بۆنە بـزانـیٚ ڕەفتـار ( محمد) چـۆنـە؟
بیٚ دەنگـیٚ پـیٚ وت : بـەنـادیـاری سـرنـج بە لە خەرج، لە سەوداو کاری.
داخـۆم بـە جیٚ وا ،بـاش ئەکە باسی؟ نـاوی دەرچـووە بـە پـاکـی و ڕاسی؟
داخـۆم بـەردەسـی بکـەویٚ پـارە بـە لێـزاو هێشتـا ئـەمـانـەتـدارە؟
کـاروان هـاتـەوە زوتـر لـە جاران کـەچـی نەفعیشی هێشتا ئەیدا بان!

## مەولونامەی کاك احمدی مفتی زادە

لەبـەر سـەر ڕاسـی مامەڵیان زوو
تـەواوبوو خەرجی کاروانی کەم دەرچوو

مەیسەرە هەرچەن تۆزێ دڵمـەن بوو؟
کـە سـەر کـاروانی لە دەسی دەرچوو

بەڵام ئەخلاقی قـافڵـەچـی تـازە ،
مـاتـی کـردبـوو زیـاد لە ئەننازە.

لە جێ حـەسـودی یـا قیـن لێ کردن
یـا ( داخـی قەیەم بەبوت نەخواردن (

سـەرسـام بـو دڵێ صەد دڵ حەیرانی:
فـریفتـەی قسـەو ڕەفتاری جوانی.

هـەر لـەدوور قـافڵـەگەییە نزیک شار
تـەقەڵکوت ڕای کرد بۆ لای خاوەن کار.

هیچ ئاگـای نەبوو شەکەت و ماندوو
کـۆچ و کـاروانـی هـەر لەبیر نەبوو !

بـێ چـاکـە و چـۆنە بـەبێ وچان دان
ملـی نـابـاسـی چاکەی سەر کاروان:

خـانـم ! لـە ڕاسـی و پـاکی ئەم لاوە
چـی تـان بیستـوە هـەر نـاتـەواوە!

سـوێـن بـە مـەنات ولات و عـوززابێ.
بـەڕاسـی بـاسـی هـەر تەواو نابێ.

لـە خـۆی پـە سـەندە چیتان بیستیە،
فـرە کـەمـی هـەس زیـادی نیـە.

مـن لـە ئـەوەڵـەو زۆرم پـێ تاڵ بوو
کـە سەرکاروانی چەنای چەن ساڵ بوو،

بـە مـن بـۆ ئـەو لـێ سـەندم بەڕاسی
گـەلـێ کـرمـۆڵ بـوو دڵم لە حاسی.

بـەڵام خـوا ڕاسە و ڕاسـی پێ خۆشە:
بـەشـی زۆر زۆرە لـە هەرچی بەشە.

خـۆ پێـم نـاکـرێ خـۆ لە حەق لادەم
ئـەوەی دیومە کەس نەیدیوە بە چەم!

**مەولونامەی کاك احمدی مفتی زادە**

**جێگەی غەزەلی ١٠**

**ازدواج با خدیجە**

﴿٤٦٠﴾

چـل سـالْ تێپـەڕی زەمـانی مـاندوو، لەو ساڵەی مەشهور بە ( عام الفیل)بوو.
زەمـان چ زەمـان سـەنگین بۆ هەژار وەک تەوقی زاڵم : تالْ وەک ژەحری مار.
ترپەی هەنگاوی عـومـری بـەبـەلاش وەک دەنگ هارەکرِ هارِەی بەردە ئاش!
لەسەر مێشکی خەڵک، خەڵکی بێ هاوار هەر تاوێ صەد ساڵ، زەجرەو ئازار.
لە چارە رِەشی میللەتی بەدبەخت، بەرِاسی( ئاسمان بەرزو، زەوی سەخت)!

﴿٤٦٥﴾

لـە هـەر ولاتـێ تـاقمـێ زۆردار سەرمەستی خۆشی و بەد مەستی و قومار.
لایێـک بـەزۆر و لایێـک بـە تەزویر خـەڵکیـان کـردوە زەلیل و یە خسیر.
بـە بـادەی درۆ و ئـەفسـونـی خەیاڵ خـەڵـک لەژینی خۆ کاس و بێ هەواڵ.
ژیـان گـرسـاوی فـالْ و ئەفسانە بـۆ پشتـەوە انـەیچ بـوت بوتخانە
گـەر یـەکیـەکیبْکیـچ بـرِێ وریابـن بـۆ حـەق دەرخستـن لە تە قالابـن،

## مەولونامەی کاك احمدی مفتی زادە

یا لەناوی ئەبأمن یابەزەبرو جەنگ ... ئەی خەن لە هاوار یا ئەی کەن بێدەنگ.
یا ئەگەر نەختێ ئیمانی سس بێ ... دڵی لای دنیاو ماددە پەرس بێ ،
لە گۆشەی دڵیا لەژین بەولاوە ... هەموو شتێکی نابێتەلاوە،
زۆر دار ئەی کرێ بەزەربی دراو ... ئەویش بۆگیان خەڵک ئەوێتەجەللاو!
ئەو ملتەش وا بەناو دیندارە ... هەروەک بو تپەرس مل بەختی لارە

مەلایان زۆرتر هاودەس زۆر دارن ... ئەوانیش دوژمن خەڵکی هەژارن
یەکیەکێ نەبێ ئەحبارو ڕوهبان ... دینیان کردوتە دەسمایەو دوکان!
زۆر تر لەبێ دین دین ئەکەن ترۆ ... بە دوعا و نوشتە و ئەفسانە و درۆ!
لە جێگەی هەرچی باسی بەکەڵکا ... لەوانە ئەکەن بە قوڕگ خەڵکا!
لەدوا تەنین و ( هاوسا وەزەنی) ن، ... هەم لەباتی کار هەم لەجیاتی دین

لە باتی دینی زوڵمی لەناو بەر ... پایەی ئازادی و موساوات دانەر.
دینێک سەر بەستی ئەداتە ئینسان ... خەڵکی لەتەک یەک ئەکاتەهاوشان
بە ئینسان ئەڵێ: خۆت نەشکێنی: ... بۆ قانونی خەڵک سەر نەخەوێنی!
تەنیا خاوەنی زەوین و ئاسمان ... ئافەریندەی گیاندار و بێ گیان،

بەناوی خوای گەورەی میهرەبان
islampaik.org
پێگەیەکی ڕۆژانەی سیاسی سەربەخۆی رەخنەییە

## مەولونامەی کاك احمدی مفتی زادە

کــە نـەزمــی گیــان و ژیـانت بـەوە     کـە پــەروەرنــدەی عــاڵەم هــەر ئەوە

ئــەتوانــیٚ بــەشــەر لـە نـەگبەت لابا     بـۆ تــۆ ســەر مەشقی (چۆن ژیان) دابا.

نەکــەی لــەداوی ئــەم و ئــەو کــەوی!     پــولٚ ، یــا زۆر یا کەرِ بتکا سەر نەوی!

تــۆ ئــەگــەر چـار وا هێسر ، مەرِو ماڵ     نــەخـۆش بکــەویٚ ئــەی بەی بۆ بەیتاڵ

پێلاٚکەت تەنگ بیٚ دەســەو داوێنــــــی     پینــەچــی ئــەبــی کــەبــی رەوێنـی:

دیوارت شــەق بـا بــەرەو لای بـەنـــا     مــاشێنــت بشکــیٚ بـۆ لای شــارەزا:

ســـەعــاتــت بشکیٚ بۆلای ئەهلی فەن     جمگـەت دەربچــیٚ ، لای شکســە بەن

یــائــەگــەر رۆژیٚ نــەخــۆش بکــەوی     دەسە داوێــنــی حـەکیمـان ئـــەوی.

خــولاســە هــەر کــار یادەرێکت بیٚ،     لای کـەســیٚ ئـــەچی سەری دەربچیٚ

دەی تــو خـوا تـۆ خــۆت ببە بەقازی     ئـەمە ئــەزانــی چــۆن ئـەبی رِازی

کــە بــۆ دەرمـانی دەردانــی کــۆمەڵ     کـەمایــە ئەگــرن لـەدەرون تەلٚ تەلٚ،

## مەولونامەی کاک احمدی مفتی زادە

دەسەداوین بی بە یاسای ئینسان ئینسانی ئینسان نەناسی نەزان!
تۆ خۆت ئەزانی: کەس ناناسیٚ خۆ دنیای بیٚ بنیای ڕەوانی مرۆ
جا توخوا ئاخر ئینسانی مەزن! خوەت پیٚ کەمترە لە پەزو بزن؟!
ئەمجا لەدنیا هەواو بەحرو بەڕ نەقشی هەس بەشەر بەخەیر یا بەشەر
بەرنامەی ئەر نەو هاونەزمی عاڵەم بۆ خۆی و عاڵەم ئەبێتە وەرهەم.

﴿٥٠٠﴾

بیستوتە کەبیٚ ( محیت شناسی ) نەقشەوە تەرحی سەر نایرێتەڕاسی
کەوا بوو شەرتە بۆ قانون دانەر چاوکا هەم وەزعی عاڵەم. هەم بەشەر
بەشەر بیٚ نەزمیٚ ئاوا ئاوایە کەنەگبەتی پڕ تەواو دنیایە
لە صەدلا ئەمریٚ ڕۆژیٚ هەزاران لەبەر برسیەتی بۆ تیکەییٚ نان
بڕێکیش لەگەڵ خواردن تێرو پڕ لوتا وێژ ئەکەن ئەخەن پاشاخوڕ!

﴿٥٠٥﴾

چەن ولاتێکیلە و یجدان تەریک بۆ پێشکەوتنی قودرەت و تەکنیک
چی بەسەربەشەر تێرن بەهەر حاڵ بەگاز کارخانەو بە ئات و ئاشغاڵ،
هەواو دەریایان مەسموم کردووە سەمیان تا ئەعماق زەوی بردوە!

## مەولونامەی کاك احمدی مفتی زادە

بــە مـانــە نـەسڵــی گیــاو گیانداران | لــەخــەتــەرا وەک نــەسڵــی ئینسان.
دیــن ئــەڵــیٚ ئینســان ژیــرانــە بروا | تــەواوی دنیــا ، بــە تــۆ تــۆ بــەخوا!

﴿٥١٠﴾

خوا دنیای پــیٚ دای بــەپیتــیٚ بیــٚداد | بــە خــۆیشــت گەلیٚ مایەو ئیستعداد،
تــا ئیستعــدادت لــە کــار بشکێنــی | چیــت بــیٚ پێــویستە بەدەستی بێنی
بــەلاّم پــەروەرش خــۆت و کــۆمەڵت | بــانتــرە لــەکــار مــاڵ و ئــاژەڵت.
ئــەو خــوا نــەزمی دا بەدنیای بیٚ گیان | هــەر لــە ئــەتــۆمیٚ هــەتا کاکێشان
غــەریــزەیچــی دا جنسی گیان لەبەر | لــە میکــرۆبــیٚ تــا مــاسی و پەلەوەر،

﴿٥١٥﴾

ئــەو گــش گیــانــدارە کەناینە حەساو | لــە وشـکی یــان لــە هــەوا ، یــالەئاو،
هــەر ئــەو لایقــە بــەرنــامــە دیسان | دانــیٚ بــۆ بــەشــیٚ تایبــەتی عیســان.
بــەلاّم هێشــتا ئــەم زیــادە بــەشــانە | چەنــیٚ بــانتــرە لــە ئــەو دوانــــە
ئــەو نــەیچــە نــەزمــی تاویەتی بانە | بــۆ ئینســان کــۆگــای ئەو هەرسێکانە.
ئــاخــر بیــٚژگــە ئــەم بەشە سێهەمە | ئــەو دووعــا لــەمــەیش لەتۆدا جەمە

# مەولونامەی کاك احمدی مفتی زادە

﴿٥٢٠﴾

جاچلۆن حەیوان بانترە کاچێ — بەتەنیا نەزمێ بەڕێوە ناچێ
تۆ کە بانتری گەلێ لەحەیوان — بێ نەزمێ زیاتر نابێتە ئینسان.
ئەمجارە ئەگەربەشەر بتوانێ — نەزمی تەبیعی و غەریزی دانێ،
بێژین بۆ نەزمی سێهەم بەهەرحاڵ — هەر چەن بانترە بکا قاڵمەقاڵ !
وەلێ ئەزانی فەرزی مەحاڵە — هەرچێ هەوڵ بدا هەوڵی بەتاڵە.

﴿٥٣٠﴾

نەزمی تەبیعی دنیا خوارو ژوور — تێک بچێ بزا: چۆن ئەبێ خاپور!
یاخۆ غەریزە گەربێ بەتاڵ — ژیان لە حەیوان چۆن ئەبێ مەحاڵ:
کە دوای چەن ڕۆژ وەها ئەگەنێ — نەبێ بێ گیانێ وەها بۆ گەنێ !
بە شەریچ نیزام دینی وەلا نێ — زۆر بەستر ئەبێ لەهەر حەیوانێ.
هەرچەن سەرکەوێ عیلم و سەنعاتی — پەسترو پێستر ئەبێ حەیاتی.

﴿٥٣٠﴾

گەر بێت و پاشەکشێ کا ئینسان — نەزمی دین وێڵ کا نابێتەو حەیوان ،
وای لێ تێ هیچێ وەحاڵی نەوێ ! — بە ڕاس ( اسفل السافلین ) ئەوێ .
بەلاّم ئەگەر دین بەڕاسی هەبێ — ئەودوونەزمەکەیش جاموسەبەت ئەبێ

**مەولونامەی کاك احمدی مفتی زادە**

گــەلیٚ گـەلێکیچ کز بێت و دەم چەوت ئـەکـەوێتە سـەر شارێگەی سەرکەوت.
خـۆ بــە ســەرهـاتـی ئـومەتی قورئان لـەبیـر مـاوە نـەک وەک بـاقی گەلان:

﴿٥٣٥﴾

تــا وەختـیٚ بـەڕاس پابەندی دیــن بوو ڕۆژ بـۆ ڕۆژ زیاتـر بەرەو پێش ئەچوو
کـاتـیٚ کە کـەم کـەم ،نـاوی مابیٚ ناو بەرەو دوا هات هەنگـاو بـە هــەنگــاو
جا هــەرچـەن تـەئریخ لـە تولٚ و عەرزا لە شــەرق و غــەرب و لە خوارو بەرزا
پــڕیــە لـــەژینــی نـەنگیـــنی وەها کــە حــەتـا بــەراز لــیٚ ئیتریس ئەکا
بــەلاٚم لـــە چـاوی کــۆگـای ( بێدینان) چـەت دیـوە وەسـە شـیرینی خوەران!

﴿٥٤٠﴾

یــانــی کــۆمــەلٚێک فکــرو خۆی دینی لــە هیــچ بارێکــەو تیــا نــەبینـــی.
ئــەنـجا بـرِوانــە بــۆکــارو بـــاری ماری! بــۆ دنیــا تــالٚتــر لـــە ژەحری
ئــاخــر لـە هیچکـویٚ گـەلێک ناوینین، کـــەنیـا نــەبــیٚ شـــوێنەواری دیـن.
چــونکــە فــرەیـەک مـەبەستی ئاین، لـــە فـــەرهەنگــە لابــوە جـــیٚ نشین.
مــەسەلــەن زۆر هــەن بەفکر بیٚ دین (جـا یـا بـیٚ دینـیٚ سەتحی و ناشیرین)

## مەولونامەی کاك احمدی مفتی زادە

﴿٥٤٥﴾

یــا بــە فــەنبــازی بــۆ خەڵک خڵەتان، یــا لــەبــەر زۆری فــەرهەنگی ئینسان
لــە زۆر دینــداری بــە نــاو ساقترن! لــەبــڕێ بــارە و بــە ئــەخــلاقترن!
بــەڕاس ســەیرە بــۆ بێدینێ ،ئەخلاق. بــەلاَجــەوی تــر: دینــی بــێ ئەخلاق!
چـــونکە دین دارەو، ئەخلاق سەمەری لــە لاییــک داربــێ و لاییک تر بەری؟!
بەلاَم بەشــــەرەو هــەزار ڕازی سەیر! کــۆگــای هــەزاران بــاری شەڕو خەیر!

﴿٥٥٠﴾

ئــاخــر بــۆ بێدیـن هەر ئەم دنیا هەس ئــەویچ بــێ خاوەن وەبێ سەر پەرەس!
داری ژیــن کەمــرد دەرنــاکــا وەچــێ. جــا هــەر چــی نەیکا لە کیسی ئەچێ !
بێدیــن هــەیــە و هــەر دنیاییک مادی جــا ئــەگــەر ژیرە (ئەخلاق ) یانی چی؟
(بەخوا جەماعەت! قسەی خــۆمــان بێ ، ئــەم بــاسە لەبەین خوەمان، دەرناچێ )
( وا دیــارە بــڕێک وریــا و بــەبیـــرن، مــا شــەڵلاَ هــەزار مــاشەڵلاَ ژیــرن ) !

﴿٥٥٥﴾

بــەلاَم بــۆ دینــدار ئێــرە مــەزرایــە نــوخشــە و خــەرمــانی لــە ئەو دنیایە
دینــــدار ڕێبـــواری ڕێگـــەی ژیانـــــە وەک صـەدها دەورەی بەر لەم دەورانە

## مەولونامەی کاك احمدی مفتی زادە

هەر لە خاک هەتا چوزەرە گیا / تاوەک خوێن ، لەناو لەش گەلا ژیا،
هەر لە نوتفەوە تاکو ئاوەلەم / هەرتاتێ پەڕێ چەن دەورەی ڕەحەم،
خولاسە لەوسا هەستی بەدی هات / وەک دوکەڵ هەتا پەیابون حەیات

﴿٥٦٠﴾

لە پلەی ( از انشاکم ) هەتا / ( خلقا من بعد خلق ) گوزەراو
هەزار ڕێبازی ژینی داپاوە / هەزار جار مردو دیسان ژیاوە
دیندار ئەزانێ ئەم ڕێگە دوورە / داویەتە پاوە تا ئەم سنورە،
بەم دەورە ژینە کورت وبێ مایە / هەروا بەفیرۆ دوایی نایە
ئەم جارەیچ کەمرد وەک جارەکان تر / هەڵ ئەداتەوە بۆژینێ بانتر

﴿٥٦٥﴾

بەنسبەت ئێمە ئەم کۆچە مەرگە / چونکە دەرئەچێ لەم خێڵ و جەرگە.
هەروا منالێ لەڕەحەم دەرچێ / ئەگەر منال تر لەڕەحەما بێ،
پێ ی وایە مردو ئیتر لەناوچوو / چە ئێمە ئێژین: ئەوە پەیابوو!
ئەوەننەی هەیە : دەورەکانی زوو / چۆن تێپەر ئەبوون بەخۆمان نەبوو.
مەگەر هەر تەنیا دەورەی ئاوەلەم / کەجم و جوڵێکمان هەبوو زۆ یا کەم.

## مەولونامەی کاك احمدی مفتی زادە

﴿٥٧٠﴾

بــەلاَم ئــام دەورە کــە هــەڵمان داوە
پامــان لــە مەیدان ( اختیـــــار ) نــاوە

بـــەدەس خـــۆمــانە چـــۆنی بەینەسەر
دەورەی تــر قـــازانج بکەین یا زەرەر.

مەگـــەر ئـــەوانـــەی سەر لێ شێواون
وە یــا خــۆ زگمــاگ هــەر نــاتــەواون

کــە مەسئـولییەت ڕویــان تـــێ ناکا
ناکا
خــوایــچ پــاشەرۆژیــان پــاشان لێ

پــەڕانپــەر دنیــا بــۆ ئینســان وەسە
زینـــدانــێ یــاوەک ئــەم ســالــەســە

﴿٥٧٥﴾

لـــە بــاغــە وەحشـــێ بــێ درگاو باڵێن
بــان و دەورە تــور چەن هێلکە شاهێن،

پەروەردە بکـــەی تــا جوجـــک هەڵ تێ
جــوجــەڵــــە هــەڵـــۆ، پەرەوازە بێ.

تـــۆزێ تـــێ فکــری لـــە پــەڕ و باڵیان
لــە هێــز و تــەکــان لـــە حاڵ وباڵیان،

ئەزانی: مـــــەل وا بــەوەزعـــێ واوە
بــۆ ئــەو فــەزایـــە دوروس نەکراوە.

ئەبـــێ بـــۆ هــەڵۆ دنیــاییێک وەهـــا
هــەبــێ تــوانـــای تیـــا گــول بکا.

## مەولونامەی کاك احمدی مفتی زادە

لــە تــەواو ئـاسمـــان یا لەم زەوی یە
تـیّ فکـری هیچــی لـە خـۆڕا نیـــە
ئەمـە ئـەصڵێکـە بــەدیهـی و عـادی
وەسـە ئـەلفبـیّ ی علـومـی مـادی.
زاناییّک کـاری ، تـەحقیـق بـــیّ لەکار
ئـاسمــان یـازەوی بــیّ گیان یاگیاندار،
لەمیکرۆب تــافیـل ئـەتـۆم تـا کێوان
مـەنـزومییّــک ورد هـەتـا کـاکێشان
هــەرچتـــیّ تـازە بەر چـاوی کــەویّ،
پـەیجــۆر بــۆکـــار و بۆفایەی ئەویّ.

﴿٥٨٥﴾

پــەس بـۆ ( محقق ) وەبیّ قـــال و قیل
(غـایـت) ئاشکراس وەگ ئەصڵی تەعلیل.
بیــر و ڕای وەسـە فـــەیلەسوف دین
جـا مـاتریالیســت خۆەشی بیّ ،یاقین!
دیســان تــیّ فکـری لـــەحالّ ئاوەلەم
ئـەزانـی : دنیـای تەنگـــەوەر ڕەحم ،
نابیّ ئاخــرین مــاڵــی ژیـــان بـــیّ
لـەشویّـن ئـــەو ژینە نۆرەی نەمان بیّ.
ئینسانیچ کۆگای نیروی خەیرو شـــــەڕ
خـــاوەنـــی مـایـە و ئـاواتـــی بیّ پەز،

﴿٥٩٠﴾

قــەفــەسی دنیا نـادا مـەجـاڵــــــی
کـە تـا ئـەتـوانـیّ بـدا بـــای باڵی.
باشیـش وەردەوبیـن نیسبـەتی ئینسان
لـەگــەڵ مەیـدانی ئەم دەورەی ژیان،
گەلیّ نـاجـۆرتـر دوورتـــــر ئـەوینین
لـە تـۆر و هـەلـۆ ، رەحـەم و جەنین.
پاشانیـش بـۆ ژیـر خـۆ خـاس و خراو
واقعییـەتـن نـەک خـەیـاڵ یـابـــاو.
ویجـدان و زەوقـی هـەمـوو ئینسـانیّ
هــەر چـەن شێـواو بــیّ ئەمە ئەزانیّ.

﴿٥٩٥﴾

ئــەمــجار بــڕوانــە بــڕێ چــۆن ئەکەن لــە عــومــری دنیــا چۆن بەهرە ئەبەن؟
یــەکێ بــــــــەرامبــەر زۆردار و دووڕو ئــەوێســێ بــاحــەق بکـــەوێتە ڕوو.
هــەوڵی بــۆ خــەیری خـــەڵکە بەجۆرێ لەهەر خۆشی یێک، دەس دا ئەشۆرێ.
ژیــان و هــەمــووشتێــــکی بــەکــەڵک ئــەکــا بــەفیــدای ڕزگــار بونی خەڵک.
هــەرچــەن کــەخــەڵکیچ قــەدری نەزانن هــەزاران نـــــاوو نیکتــــەی پیــانـن!

﴿٦٠٠﴾

لــەولایــچ بــڕوانــە : هــەزارئەکەی بڕ ملهــوڕ یــا زکهــوڕ ، یــادوولا نەبڕ.
بــۆ لــەزەت و خــۆش ڕابــواردن ، یــا بــۆزۆر و مــەقــام ، یــا مــاڵــــی دنیا،
عــالــەمــێ ئــەکــا گیــرۆدەی دەردان لـــە کــــــۆرپەی ساوا تا پیری زۆرهان.
تــانــە بــە پــول و پــارە تــانــە زۆر یــان بـــە دورۆ و کــەڵــەکی جۆرجۆر،
تـــانــە بــەکــوشتــن یا تانەو نافات ئــەیــەوێ ولاّت بکــا کــش و مــات.

﴿٦٠٥﴾

هەر خـــۆی ئــاواتــی بێتــەدی بـــەتون هـــەزاران هـــەزار زەجـــرەوەکوژبون!

## مەولونامەی کاك احمدی مفتی زادە

ویجـــدان ئـــەزانــێ ئـــەو دووە نابێ، کـــردەوە و کـــاریـــان هـــەروا فەنابێ.
نـــەرەنجـــی خـــاسان ، ئەچێ بەبەلاش نـــە زوڵمـــی زاڵـــم بێ جەزاو پاداش.
چـــۆن وەک یەک دەرچن چاکەوناحەزی ( عبدالله و حەجاج ، حسەین و یەزی )؟!
دینـــــدار ئـــەمـــانـــە ئـــەبێ بزانـــێ جـا چـــۆن بـــۆ ئـــەم لا ئەولای وەلانێ؟!

﴿٦١٠﴾

بـــەخوا چـــەن سەیرە بەشەری بێ دین ڕازێ بـــێ دنیـــای تـــاڵ بێت وبێ تین،
لـــەوە ســـەیـرتـــرە کـــەسێ دیندار بێ کـــەچـــی بۆ دنیـــا بە هـــەڵپەو هار بێ!
ئـــەم دووە گـــەر باش هەڵیانسەنگێنین، ئـــەویـــان دینـدارە و ئـەمەیان بێدین!
جـــا بـا ئـــازیـزان ! پـاش بـەینێ لادان بچینـــەوە ســـەر بـــاســـەکـەی خۆمان:
بەخـوا خەڵکینـە هـەرچـی سەیر ئەکەم سرنجـــی هەمـــوو خوار و ژوور ئەدەم،

﴿٦١٥﴾

چ لـــەنـــاو گـــەلـــی مەسیحـــی و جودا صابـــئ و مەجـــوس ، پـــەیـــڕەوی بودا
کـــە خـــۆ بـــەخـــەڵکـــی دیندار ئەزانن گـــوایـــە لـــە ســـە ڕێـــی پەیغەمبەرانن،
تـــاقمـــێ بـــەنـــاو ڕەهبـــەرانـــی دین خەڵکیـــان کـــردووە لـــە دنیا و لەدین .
بڕێـــک هەرخۆیان قـــودرەت مـــەدارن بـــڕێک دەســـەنـــەخـــۆری دەســـدارن.

## مەولونامەی کاك احمدی مفتی زادە

بــۆ زۆرتــر بــونی جیرە و سورو سات    هــەرچــیٚ قــانون بـۆ پێغەمبەران هات،

﴿٦٢٠﴾

یــا بـــە تــەواوی هـــەر لە بەینیان برد    یــابـەو بـاو دڵ خۆ ، دەسکاریان کرد.
میللــەتــی ئـەمــان بــیٚ ئـامان تــرن    لــەجــیٚ بــە جێمــاو بــەسەزوان ترن.
هـــەر لابــۆ چینیــٚک زانیـــن بــانتــرە    چــەوسـانـەوەی خـــەڵک زۆر ئاسانترە
بەفـــریٚ زۆر تـــــر زۆری فــــرەتــــر ،    خەڵک ئەخەوێنن وەک ( پس دانی مر)!
یـــەکــە یــەکـەیــیٚ مـــەلای بەئیمان    لــەم لاو لـەولا هەن بەلاٚم دەسەوسان.

﴿٦٢٥﴾

کــەســیٚ قســەیــان نــاکرٍیٚ بەبەلاش    لــەبـەر هەزاران مــەلای دەم هەراش!
یــا خـــۆ لــەتــرسی هــاودەسی میری    پــەنــایــان بــــردوە بـــەگۆشە گیری.
یــاران چــی بڵێـم لـە زوڵـم وبێداد ؟!    بــەراس لـــە هـــەر لا ( قهل الفســاد )
تـــەم و دوکــەڵــی رٍۆژ رەشـی بەشەر    ئــەگــریٚ هەناسەو ئەبا مێشکی سەر.
قســەی دەسدار زل، دەسی هەژار کوڵ    هـــەر بــە وجـدانــیٚ دڵــی تێتــە کوڵ.

﴿٦٣٠﴾

**مەولونامەی کاك احمدی مفتی زادە**

جـارجـاریـچ بـۆ کار خۆیان زۆر داران — بـەر ئـەدەنـە گیان یەکتر هەژاران
چـەن هـاهـەژاری دامـاو لـە هەللا — بـەدەسـی یـەکتـر ئـەبن کەلەللا.
ئـەویٚتـە بڵحـاح یـاخـوا نـەی بینـی — نـەتیجـەی دنیـا دۆسـی بـێ دینی:
رۆڕۆ هـەڵ ئـەسێ لە هەزاران ماڵ: — بۆ کـوڕ دایـک و باوک بۆ باباو مناڵ
خـوشکـان بـۆ بـرا تاقانـەکـەیان — ژنـان بـۆ مێـردی جوانە مەرگەیان.

﴿٦٣٥﴾

لـە بـرینـداران ناڵیـن و هـاوار — یاخوا نەی ژنەوێ گوێچکەی گوێچکەدار!
ئـەمـانـە و هـەزار کـوێرەوەری تر — بـرسی رووت کـەوتن قوڕ بەسەری تر.
بـۆچـی ؟ بـا ئـاغـا سـازبـێ دەماغی! — بـەش خوەیان چیە ؟ مەرگ و ناساغی!
میللـەت لـەبـاتـی وەخۆیان کەون — بۆ دەفعـی زوڵـم وکـەڵەک نەسرەون
زۆربـەیـان حـۆلی بـوت بـوتخـانە — یـا ورِو کاسـی راِزو ئـەفسانـە!

﴿٦٤٠﴾

بـەبـرِێ ئـاوات فـەلسـەفـە پوچـە — خـەڵکیـان خستـوە وە خـەوەنـوچـە!
لـەبـاتـی دین و فەلسەفەی خەبات ، — رەهبـەرانیـان هـەن بۆ پردو صیرات!
شلتـر لـە شیـر و خـاوتـر لەفرۆن — دەمتـاقـی مـەلای هـەوانە دورِون.

## مەولونامەی کاك احمدی مفتی زادە

یـــاخـــۆ ئـــەگـــەریـــش نـــەختاڵی ژیرن    لـــە داوی ژینـــی دنیـــا ئـــەسیـــرن !
ئـــەونـــە کـــوڵۆڵـــن ، وانـــە گبـــەتیانە    لـــەتـــەک یـــەکتـــرا رەقـــابەتیانە!

﴿٦٤٥﴾

جـاچـەن گـــرانـــە بـــۆ مـــەلای ڕاسی    بـــەخـــەڵک حاڵـــی کا خراوی و خاسی!
خـــولاســـە یـــاران دنیـــا ســـەرانسەر    تـــاپلـــوییکـــە بۆبـــەدبەختـــی بەشەر
عـــەدڵ و داد بـــۆتـــە بـــاسی لەمێژی    گـــولـــۆڵـــەی بـــەختـــی کەوتۆتە لێژی!
بـــەرأس ئـــومێدێـــک نەمـــاوە ئینسـان    تـــــازە ببینـــــیْ نـــاو چـــاوی ژیـان.
حـــــەتتـــا بـــــراوە ئـــــاوات و بریای    تـــــەنیـــا مـــەگـــەر خـــوا بگاتە فریای.

### جێگەی غەزەلی ١١ :

دەربارەی ئایەتەکانی [الم اعهد الیکم.... و....معیشەڤنکا،...و...لایغرنکم بالله الغرور و...]

﴿٦٥٠﴾

لـــەم شـــەوە زەنگـــەی لـــە رۆژ بێزارە    کـــە ژیـــانـــی خەڵـــک ئـــازیـــەتـــی بارە
کـــە ســـاڵی کڵـــۆڵ هـــەمـــوی پاییزە زیزە.    نـــاو چـــاوی حـــەیـــات لـــە بەهار
کـــەرەشـــە بـــەختی هەژارەوەک شەوە    لـــەکـــپی وهـــاوار دەنـــگ نـــاداتـــەوە
نـــاکـــاو لـــەشـــەویْ لـــەوشـــەوگارانە    لـــەوشـــەوە رەشـــە بیْ هـــەراســـانە،

**مەولونامەی   کاك احمدی مفتی زادە**

**شـــەپۆلێـک لـــەنــور لـەزڵەی ئاوات        هیـــەای ژیـــانی خستـــە ســەربیسات:**

**﴿٦٥٥﴾**

**چەپکـــێ لە گـــوڵ و چەپکێ لە نێرگز .              مەرگتان نەبینم هەرگیزاو هەرگیــز.**

**جێگەی غەزەلی ١٢:**